له هه‌لوومه‌رجی ناسکی ئیمرۆ دا

# ڕۆژ ڕۆژی گه‌نجانی ڕووناکبیره !

له هه‌موو دنیا باوه مرۆڤانی پسپۆڕو خاوه‌ن ئه‌زموون، به‌گوێره‌ی داهێنان‌و پلانی زانایانه‌ی سه‌رده‌م پرۆژه ڕێكده‌خه‌ن وهه‌روه‌ها به‌رنامه ڕێژی بۆ به‌ڕێوه بردن‌و سه‌رخستنی ئامانجه گشتیه‌كان ده‌كه‌ن. دانیشتووانی كۆمه‌ڵگاش به‌گشتی بۆ سه‌رخستنی پرۆژه‌ی دارژاو قوڵی لێهه‌ڵده‌ماڵن‌و بۆی وه‌خۆ ده‌كه‌ون . ده‌رسه‌دی به‌رچاوی كۆمه‌ڵگا ،لاوانی روناكبیرو نیشتمانپه‌روه‌رن‌وحیسابیان له‌سه‌ر ده‌كرێ .

ئیمرۆ له عیراق هه‌ڵبژاردنیك هاتوته پێش، به‌حیسابێكی ساكاری سه‌رپێیی، گه‌لی كورد یه‌ك سێومی حه‌شیمه‌تی ئه‌و ولاته‌ی لێ پێك دێت . له پرۆسه‌ی ئه‌و هه‌ڵبژاردنه‌دا ئه‌گه‌ركورد بێتوو ده‌نگی كه‌م بێنێته‌وه، كاره‌ساتی پڕله زیان‌و قه‌ره‌بوو نه‌كراوی به‌دوادایه. بێشك زۆربه‌ی ڕووناكبیرانی كورد له‌وه گه‌یشتوون كه داگیركه‌رانی كوردستان هه‌موو هه‌وڵ‌و كۆششی خۆیان به‌كارهێناوه‌و دێنن، بۆ ئه‌وه‌ی كورد له هه‌ڵبژاردنه‌كانی كوردستاندا دووبه‌ره‌كی پێك بێ‌و له هێناوه‌ی زۆرینه‌ی ده‌نگدا كورد تیك بشكێ‌و سه‌ركه‌وتن وه‌ده‌ست نه‌هێنێت .

ئه‌گه‌ر بێتووكه‌سانێك بكه‌ونه ژێر ته‌ئسیری پڕوپاگانده‌ی دوژمنان‌و نه‌یاران، یان به‌قسه‌ی ئه‌و كه‌سانه بكه‌ن كه قه‌ڵسو توره‌ن‌و پێیان وایه: له‌و چه‌ند ساڵه‌ی ڕابردوودا ڕیبه‌رانی سیاسی به‌دلو بیروڕای ئه‌وان نه‌جووڵاونه‌وه‌وهه‌ڵه‌ی سیاسیان كردووه، ئێستا ئه‌و هه‌ڵه‌یه به وه‌ڵامی هه‌ڵه وه‌ڵام بدرێته‌وه، بێشك ئه‌و ڕه‌وته زیانێكی گه‌وره به‌كورد ده‌گه‌یه‌نیێت. چونكه وه‌ڵامدانه‌وه به هه‌ڵه‌شه‌و تووره‌یی، جگه له خه‌ساره‌ت هیچ ده‌ردێك ده‌وا ناكات. مرۆڤی ڕوناكبیر ده‌بێ هه‌وڵ بدات به ڕێگای دروست و ئوسولیدا هه‌ڵه قه‌ره بوو بكرێته‌وه ،نه‌ك به قه‌ڵسی‌و، وه‌به‌رچاونه‌گرتنی به‌رژه‌وه‌ندی دوا ڕۆژی كومه‌ڵگا .

له كۆنه‌وه گوتویانه: تۆڵه ساندنه‌وه‌ی به ڕقووتووریی دووماڵ وێران ده‌كا، یه‌ك ماڵی ئه‌وكه‌سه‌ی تۆڵه وه‌رده‌گرێته‌وه، دوو ئه‌وه‌ی له‌تۆڵه دا خوێنی ده‌رێژێ. واته: سبه‌و دووی كه هه‌ڵبژاردن ده‌ست پێده‌كات، خۆ به‌دوورگرتن له‌ده‌نگدان، تۆڵه له كۆمه‌ڵگاوبه‌رژه‌وه‌ندی دواڕۆژی گه‌لی كورده وبه‌س. چوونكه تۆڵه وه‌رگرتنه‌وه له تاكه

کەسێك، دوای چەن حەوتوو لە بیر دەکرێ و بەفەرامۆشی دەسپێردرێ، بەلام ئەگەر کەسێك پێیوابێ بەخاتر هەڵەی سیاسی و ناخۆش ویستنی چەند شەخسێك دەبێ دژایەتی دەنگدان بکات و، واتێگەیشتبێ کە تۆڵە لە چەند بەرێوەبەرێك وەر دەگرێتەوە، بەهەڵە چووەو کردەوەی ئاوا بەخەنجەر لەپشتدانەو دەستەو یەخەبوون لە گەل کۆمەلگایەو بە شێواندنی کۆمەلگا دەژمێژی و هەرگیز لەبیر ناکرێ و بەفەرامۆشی ناسپێردرێ. بەلکوو سەبتی مێژوو دەکرێ و مێژووش نەك لەکەس خۆشنابێ و سەنگ و سووکی لەگەل کەس ناکات، بەلکوو سەزای تاوانباری هەتاهەتایی دیاری دەکا و تاوانی مێژوویش سڕینەوەو شوتنەوەی بۆ نییە.

لێرە دایە کە ئەرکی قورس دەکەوێتە سەرشانی لاوان وگەنجانی ڕووناکبیرکە پێیەوە هەستن و قوڵی هەممەت و مەردانەگی لێهەلماڵن و بەرژەوەندی دوارۆژی نەتەوەیی بە تۆڵە ساندنەوە نەگۆڕنەوەو زەحمەتەکان بەفیرۆ نەدەن.

لەسەردەمی ئێستاداکاری ڕەمەکی باوی نەماوە، بەلکوو بەبیرتیژی و ڕەوانبێژی و وەبەرچاوگرتنی داهاتووی نەتەوەیی بەرژەوەندی هەلگدەسەنگێندرێ. چارەنووسی گەلێکی هەژارو بێ پشتوپەنای وەکوو کورد، تەنیا بەئاکتیوی و ماندوو نەناسی گەنجانی رووناکبیرە بەرەو پێش دەچێ، بۆ ئەوەی ئەوبارە قورسەی دەستی دراوەتێ لەو هەورازو هەلەموتە ناهەموارەدا سەرخات و بە فیداکاری بیگەیەنێتە دەروازەی ئامانج، بوئەوەی مرادو ئاواتی گەل وەدی بێنێت.

تائێستا دووسێ هەلبژاردن و دەنگدانی ئازاد لە باشوور ئەنجام دراوە، هەریەکەش سوودی تایبەتی خۆی هەبوەو کوردی گەیاندوتە ئەو پلە بەرچاوەی ئێستا. دیارە ئاواتی زۆرکەس و کەسایەتی پێك نەهاتووە ویست وخواستەکان هەموویان نەهاتوونەدی، بەلام ڕاشکاوانە دەتوانین بلێین: بەپێی پێکهاتەی هەلومەرجی مەوجوود ڕەنگبێ دریغ نەکرابێ و لە کۆمەلگایەکی فەلەجی بەلالێدراوی ژێرچەپۆکی و ئەنفالکراودا، لەوە پتر وەدەست نەهاتبێ. دوورنییە ئەو چەند وشەیە بە پاکانە دابندرێ و گلەییم بێتەوە سەر، بەلام داخوا لە کۆمەلگایەکی ژێردەسەلاتی داگیرکەردا کە پڕبووە لە دزو ڕیشوەت و دزی و داب و ڕەوشتی عەشیرەتی و خزم خزمێن و سەرکوتکەری، کوا ئاوا دەستبەجێ بەچەند سالێك ئەو بەهەشتەی چاوەڕوانی دەکەین پێك دێ؟ یان چۆن

كاروباری سیاسی بەدڵخوازی گشتی دەچێتە پێش و هەڵەی تێدا ناكرێ؟ یان وڵاتێكی وێرانكراو ئاوا بەپەلەپەل ئاوەدان دەكرێتەوە؟ یان بەو زوانە برینی چەندین ساڵەی تەشەنە بووی گەلی كورد بێ فیداكاری لاوان سارێژ دەبێتەوە؟.

ئەو باسەی من بەمانای ئەوە نییە رەخنە نەگیرێ و گلەیی نەكرێ، پێویستەودەبێ رەخنە بگیرێ و، تەنانەت رەخنە گریش ریزی لێبگیرێ، بەلام لەهەمان كاتیشدا رەخنەگر لە گەڵ ئەوەی رەخنەی راستكردنەوە دەگرێ، نابێ دژایەتی بەرنامەی داهاتووی كردستان بكات و رەخنەكەی رووخێنەربێ. یان بەرژەوەندی دوارۆژی گەل فیدای رق و كینە و بیروڕای شەخسی خۆی بكات.

پێویستە جورێك هەڵس و كەوت لەگەڵ كارو بەرنامەی رۆژانەدا بكرێت، كەزیان بەچوێیەتی ناسكی ئەو رۆی كوردستان نەگەیەنێت. واتە: لەئاستی كەم و كوریەكاندا بێدەنگ نەبین و رەخنەبگرین و ئەگەر بەرپرس و بەرێوەبەرمان ناخۆش دەوێ و حەز لەچارە یان ناكەین، ئیتر پێویست ناكا بەخاتری ناخۆشەویستی بەرپرس و بەرێوەبەر، زیان بەكۆمەڵگاو بەرنامەی داهاتووی سیاسی بگەیەنین و دژ بە هەرەكەتی سیاسی بجوولێینەوەو پروپاگاندی دژی هەڵبژاردن و دەنگدان وەرێ بخەین. پروپاگاندی دژی دەنگدان و خۆ دووره پەرێزگرتن لەدەنگدان، كارەساتی لەدەستدانی سوود و بەرژەوەندی گشتی بەدوادایە و تاوانی مەزن و مێژوویی لەسەركەسانی تێكدەر سەبت و ضبط دەكرێ و نەوەی داهاتوو هەتا هەتایە بۆ ئەو هەڵە لەدەست دراوە نفرین بۆ هوكاردەنێرێ. هەر بۆیە لە سەرووی ئەو مەقالە دا نووسراوە : رۆژ رۆژی لاوان وگەنجانی رووناكبیرە. چوونكە پێموایە هەرلاوان و گەنجانی رووناكبیری خاوەن ئەنەرژی وئاكتیون دەتوانن پێش بەپرووپاگاندی نەیاران بگرن و لەهەمان كاتدا هاندەربن و هەوڵبدەن بۆ وەدەست هێنانی زۆرینەی دەنگ چین و توێژی كۆمەڵگا بەرەو سندوقی دەنگدان وەرێخەن و بوێیزیك بوونەوە لە و ئامانج و ئاواتانەی كە ساڵەهای ساڵە نەتەوەی كورد خەونیان پێوە دەبینێ تێبكۆشن.

سەعیدكاوە "كوێستانی" ٢٦/١١/٢٠٠٥